www.kurdistannet.org
3-10-2006 19:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## (کۆمیتەی ڕێکخستنی نەرویجی ی. ن. ک سەرپەرشتی کۆبونەوەی ڕێکخستنەکانی ساندیفیۆرد و لارڤیک کرد لە شاری ساندیفیۆرد) ... زانا گە لا لی

لە درێژەی کارو چالاکیەکانی کۆمیتەی ڕێکخستنی نەرویجی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دوێنێ کاتژمێر 3 دوای نیوەڕۆ لە شاری ساندیفیۆرد لە وولاتی نەرویج کۆبونەوەی ڕێکخستنەکانی ساندیفیۆرد و لارڤیک بەڕێوە چوو سەرەتا لەلایەن کاک سەید نەجمەدین بەخێرهاتنی کۆمیتەکرا دواتر کاک هۆگر کاوانی بەرپرسی کۆمیتە باسی لە گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییەی کۆمیتە و ڕێکخستنەکانی ی. ن. ک لە نەرویج کرد وە هەروەها لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی نێو ئۆرگانەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی ی. ن. ک لە ناوخۆی وولات دووا، دواتر کاروچالاکیەکانی کۆمیتە هەڵسەنگێنرا. پاشان کاک بێکەس بەرواری کادری پەیوەندیەکان باسی لە چۆنیەتی خۆ گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەی نەرویجی و پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەنێوان کوردەکان لەلایەک و هێزە سیاسیە کوردیەکان لە لایەکی تر کرد. گفتوگۆ کرا لەسەر کۆبونەوەی بەرەو ئامادەکاری بۆ کۆنفراسی دیالۆگی کورد لە نەرویج کە کۆمیەتی ڕێکخستنی نەرویج ئامادەکاری بۆ دەکات لەلایەن ئامادەبوان سەرنج و تێبینیەکان خرانەڕوو لەلایەن کاک هۆگرکاوانی و کاک بێکەس بەرواری وەڵامی سەرجەم سەرنج و تێبینیەکانی ئامادەبوان درایەوە. شایەنی باسە زۆربەی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ی ن ک لە شارەکانی ساندیفۆرد و لارڤیک ئامادەی کۆبونەوەکە بوون. کۆبونەوە 2 کاژمێری خایاند.

نەرویج